# نابێت گەنج بە خەوشدارکردنی خۆشەویستی تۆمەتبار بکرێ

**خۆشەویستی پێناسەی تایبەت بە خۆی هەیە و لە هەر کۆمەڵگەیەکیش بەپێی نەریت و کەلتوور و کاریگەریی هەنارده و هاوردەکردنی شارستانییەت چەندین شێواز لەخۆ دەگرێ، لە کۆمەڵگەی کوردیش زۆر جار گەنج بە خەوشدارکردنی خۆشەویستی تۆمەتبار دەکرێ، بەڵام شارەزایان تاوانی خەوشدارکردنی عەشق و خۆشەویستی بۆ دەسەڵاتی رۆح داگیرکەری مادده و سامان دەگێڕنەوەو تەنانەت نووسەر و شاعیران و رۆشنبیران بەوە تۆمەتبار دەکەن، کە لە پێناوی داهاتی ماددی شیعر و رۆمانەکانیان لە خۆشەویستی داماڵدراون.**



**مرۆڤ بەبێ خۆشەویستی ناتوانێ بژی**

سەلاح خان دەلۆ مامۆستای بەشی مێژووە کۆلیژی ئاداب و هێما بۆ ئەوە دەکات کە لە زۆربەی کۆمەڵگەکانی دنیا عەشق و خۆشەویستی بایەخی خۆی هەبووەو گەیشتۆتە ئەو رادەی عەشق بۆتە هۆکارێکی گرنگی بەردەوامی ژیان و مرۆڤەکان نەیانتوانیوە بەبێ عەشق بژین، ئەوەش دەخاتەڕوو کە لەمێژووی کوردان دەیان داستانی نەمری خۆشەویستی ماوەتەوە، نموونەی (مەم و زین)، (وەلی دێوانە و شەم) و (شیرین و فەرهاد) و .. هتد کە تا ئێستاش مایەی شانازی میللەتی کوردن، گەرچی ئێستاش ئەو نۆڕمە گۆڕاوە، بەڵام عەشق و خۆشەویستی پیرۆزیی خۆی لەدەست نەداوە، گوتیشی «کوڕ و کچی کورد بەهەمان گوڕ و تینی رابردوو عاشق دەبن، لە خۆشەویستی تێدەگەن و قوربانی لەبەرامبەر یەکتر دەدەن، کەچی میکانیزمەکانی ژیانکردن گۆڕانکارییان بەسەرداهاتووە و زۆرجار بووەتە هۆکاری لەیەك دابڕانی دوو دڵ کە بەڵێن و پەیمانیان بەیەك داوە، تەنانەت شێوازی هەڵسوکەوتی تاکەکانیش گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، کەلتووری بێگانەش بەسەر کەلتووری کوردیدا زاڵبووە و وایکردووە عەشق و خۆشەویستی ئەو سەنگاییەی جارانی نەمێنێت، ئەگینا لە کوردەواریدا هەرگیز عەشق و خۆشەویستی شتێکی قەدەغەکراو نەبووە».

## پێویستە گیانی خۆشەویستی و لێبوردەیی لەسیستەمی پەروەردەدا ڕەچاوبکرێت

شـــیلان جەعفەر ئەندامی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان، ســـەبارەت بە هەمـــان پرس بەمجـــۆرە ڕای خـــۆی دەخاتەڕوو «خۆشەویستی لەهەموو کات و سەردەمێکدا هەر خۆشەویستییە، بەڵام پرســـیار لێرەدا ئەوەیە کە ئایـــا لەکۆمەڵگەی ئێمەدا چۆن تەفســـیری بۆ دەکرێت؟ خۆشەویســـتی لە ڕابردوودا جگە لەوەی پەیوەندییەکی ڕۆحی بووە، لەهەمان کاتیشـــدا حورمەت و ڕێزی کۆمەڵگـــە لەبەر چاو دەگیرا، بە واتایەکـــی دیکە چونکە ژیان ســـادە بـــوو، مرۆڤەکانیش بەســـادەیی خۆشەویســـتییان دەکرد، بەڵام ئێســـتا بەهۆی تەکنەلۆژیا و گۆڕانـــکاری لە پێکهاتەی کۆمەڵگـــە و ئازادیی تاك هاوکێشـــەکان جیاوازتـــرن، لەکاتێکدا بەهـــۆی تێنەگەیشـــتن لەچەمکـــی خۆشەویســـتی و نەبوونی عەقڵێکی کامـــل و ئەزموونێکی گشـــتگیر گەنجان کەمتر بیر لەخۆشەویستی دەکەنەوە، من وا هەست دەکەم خۆشەویستی چۆتە حاڵەتی لاســـاییکردنەوە و کوێرانە بڕیاردان، بۆ چارەسەرکردنیشی پێویستە پەیامی تێگەیشـــتن لەبەرچاو بگیرێت، هەروەها گیانی خۆشەویستی و لێبوردەیی لەسیستەمی پەروەردەوەدا ڕەچاوبکرێت، جگە لەوەی ئەرکی ڕێکخراوەکانە کە لەڕێگەی کۆڕ و ســـیمینار هەوڵ بۆ گەڕاندنەوەی پێگە و پیرۆزی عەشق بدەن و حکومەتیش بە سیســـتەمی حوکمڕانی خۆیدا بچێتـــەوە و گەنج لە قەیرانی بێئومێدی ڕزگار بکات.

## ئەرکی دەسەڵاتە لە ڕێگەی پەروەردەوە هەوێنی خۆشەویستی لەنێو دڵی نەوەی نوێدا دروست بکات

نەبەز جۆلا ئەندامی دەستەی ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی کەرکووك / گەرمیان، پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕایوایە «بۆ ئەم قۆناغەی ئێستای مرۆڤایەتی وشەی عەشـــق زۆر قورسەو دەڵێت «لە ئێستادا عەشق تەنها لەناو چەند دێڕە شـــیعرێك، یان لـــە دووتوێی پەرتووکێك لـــە لەناو ڕۆمان و کورتەچیرۆکەکاندا خۆی حەشـــارداوە». جەختیش لەوە دەکاتەوە کە خۆشەویســـتی تەنیـــا ئامرازێکی گەیشـــتنی دوو ڕەگەزی جیـــاوازی مرۆڤ بـــە یەکتر نییە، بەڵکو ئامرازی گەیشـــتنی هەســـتی ئاژەڵانیشە بە یەکتر، گوتیشـــی «خۆشەویستی هۆی گرێدانی هەستی راســـتەقینەی مرۆڤە بەخاك و نیشتمانەکەیەوە، بەڵام بەداخەوە هەموو جۆرەکانی خۆشەویستی لە نێو کۆمەڵگەی کوردی بەرەو کاڵبوونەوە چووە».

نەبـــەز جۆلا لـــە درێژەی قســـەکانیدا هێما بۆ ئـــەوە دەکات کە «خۆشەویســـتی لایەنێکـــی ســـۆزداری بەگوژمـــەو تەژییە لە هەســـتی توندوناسك، شـــادی لەگەڵ ئازاردا، دڵەڕاوکێ لەگەڵ ئارامیدا، خۆنەویســـتن لەگەڵ ئیرەییدا، کامەرانی لەگەڵ خەم و پەژارەدا، لەگەڵ هەموو ئەمانەشـــدا لایەنێکی توندی پەرۆشـــیە بۆ یەکبوون لەگەڵ کەســـێکی دیدا. ئەم سۆزەش ڕەگ و ڕیشەی هەیە لە هەردوو سیســـتەمی بایۆلۆجی و کۆمەڵایەتی ســـەرجەم بوونـــەوەرە زیندووەکاندا، بەڵام خۆشەویســـتی لە کۆمەڵگەیەکەوە بـــۆ کۆمەڵگەیەکی دی جیاوازە و هۆکاری جیاوازییەکەشـــی دەگەڕێتـــەوە بـــۆ کەلتووری ئـــەو کۆمەڵگەیە». گوتیشـــی «ئەرکی دەسەڵاتە هەنگاوی جددی هەڵبگرێت بۆ سەرجەم ئەو خووە ناشـــیرینانەی دەبنە ڕێگر لەبەردەم جوانییەکانی ژیان، کە خۆشەویستی یەکێکە لەو جوانییانە، ئەو کارەش بەس لەڕێگەی دەرکردنـــی یاســـا و جێبەجێکردنی راســـتەقینەی و لەڕێگەی پـــەروەردەوە لە باخچەی ســـاوایانەوە تا قۆناغی زانکۆ هەوێنی خۆشەویستی لە نێو دڵی نەوەی نوێدا دروست بکات و وا پەروەردە بکرێن کە بزانن خۆشەویســـتیی راستەقینە عیشق دەخوڵقێنێ و بەهۆیەوە هزری مرۆڤەکان لە هەموو خەوشێك پاك دەبێتەوە».

کۆمەڵناس نەجات ڕەســـووڵ، ســـەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت «لەهیچ بارودۆخێکدا تاوانبارکردنی گەنج بە هەردوو ڕەگەزەکەیەوە دروست نییە». ئەو کۆمەڵناسە ڕایوایە «هۆکارەکان و بارودۆخ کەســـایەتیی تاك دروست دەکات، ئەم تاکەش کە گەنجێکە وەك میمۆرییەکی بەتاڵ داتاو زانیاری ئەخرێتە سەری، بۆیە نە کوڕ و نە کچ تاوانبار نین، بەڵکو سروشتی کۆمەڵگە و ڕاگەیاندنەکان و ڕۆشنبیران و دەسەڵاتی سیاسی تاوانبارن، نووسەران ناتوانن لە ئاســـت نووسینەکانیان عەشق بەخش بن و ئەوەندەی لەسۆنگەی ماددییـــات دەڕواننە ڕۆمان و شـــیعر و بابەتەکانیان، بەداخەوە شـــیعر بێ ڕۆحبووەو ڕۆمانەکان رووتن لە خۆشەویستی، دایك و باوك ناتوانن خۆشەویستی بەخش بن، ئەوەندەی خۆسەپێنەرن، لەگەڵ هەموو ئەو کۆت و بەندانەی جاران هەبوو، بەڵام شتەکان بە سروشـــتی خۆیان گەشـــەیان دەکرد، نەك وەك ئێستا هەموو بوونەتە ڕۆبۆتێك بەدەســـت ڕاگەیاندنە بـــێ باکەکان، لەلایەکی دیکەوە حکومەت بەشی شێری هەیە لەشکست بە خۆشەویستی، لەم قۆناغەدا ئەوان هەموو خۆشەویســـتییەکیان هەڕاج کردووە، جوانترین شـــاکار لەنێوان دوو دڵداری کورد هەڵکردنی ئەم دوو ڕۆحە بووە لەگەڵ هەموو ناوەڕۆکە ناشـــیرین و تاڵەکانی ژیان، دنیای ماددی پاڵەوانی بەخشـــینەوەی دڕندەیی و لێکترازان و کەلێن خســـتنە نێوان خۆشەویستانە، کۆمەڵناس نەجات ڕەسووڵ بەشـــێکی دیکەی هۆکارەکانی بۆ نەبوونی ڕۆشنبیریی عەشق گەڕاندەوەو گوتی «ئەوەندەی ئێســـتا کوردســـتان پێویستی بە بەخشـــینەوەی خۆشەویســـتی نێوان تاکەکانی هەیە، بەدرێژایی مێژووی رابردووی پێویســـتی پێ نەبووە، کـــورد دەبێت بیر لە دامەزراندنی خێزانی تەندروســـت بکاتـــەوە، ئەویش لەڕێگەی ژیانی نوێی کوڕ و کچ، کە تەنها خۆشەویستی و هۆگربوونیان دەتوانێت نەوەیەکی تەندروســـت پەروەردە بـــکات، ئەمە ئەرکی دەزگەکانی ڕاگەیاندنی نووســـراو، بینراو و بیستراوە، بەداخەوە ئەوەندەی خەریکی زەقکردنەوەی دیوە ناشیرینەکانن، ئەوەندە کار لەســـەر جوانییەکان ناکەن، دەبێت هەوڵبدەن جۆرێك هاوسەنگی لەنێـــوان هەردوو ڕەگەز دروســـت بکرێت، نەك کەلتووری زاڵ و نێرسالاری، زۆر گرنکە کچ و کوڕ لەتەمەنێك بە ئاشکرا و دوور لە سانســـۆر دەست بخەنە دەستی یەکتر، بەڵام گرنك تەقەبول و کرانەوەی کۆمەڵگەیە».

سەلاح خان دەلۆ:

**گەنج لە پیرۆزیی خۆشەویستی تێدەگەن بەڵام میکانیزمەکانی ژیانکردن گۆڕانکارییان بەسەرداهاتووە لەمێژووی کوردان دەیان داستانی نەمری خۆشەویستی ماوەتەوە کە تا ئێساش مایەی شانازی میللەتی کوردن**

شیلان جەعفەر:

**ئەرکی ڕێکخراوەکانە لەڕێگەی کۆڕ و سیمینار هەوڵی گەڕاندنەوەی پێگە و پیرۆزیی عەشق بدەن**

نەبەز جۆلا:

**خۆشەویستیی راستەقینە عەشق دەخوڵقێنێ و هزری مرۆڤەکان لە هەموو خەوشێک پاک دەکاتەوە هەموو جۆرەکانی خۆشەویستی لە نێو کۆمەڵگەی کوردی بەرەو کاڵبوونەوە چووە**



# ئافرەتان داوای پۆست و پلەی ئیداری لەکابینەی نوێی حکومەت دەکەن

ڕایـــەك هەیە جەخت لەوە دەکاتەوە کە بوونی ژمارەیەکی زۆر لەئافرەتان لەپۆســـتە باڵاکانی حزبی و حکوومیدا بەندە بەوەی کە تاچەند ئەو ئافرەتانە کەسانی پسپۆڕ و خاوەن بڕوانامەی بەرزن و دەتوانن سوود بەکۆمەڵگە بگەیەنن، هەروەها پێداگری لەســـەر ئەوە دەکەن کە بەبێ جیاوازیی ڕەگەزی و تەنیا لە ســـەر بنەمای توانا و کارایی دەبێت پۆســـتەکان دابەش بکرێت. ڕایەکیش سوورە لەسەر ئەوەی کە پێویستە هەموو ئاسانکارییەك بۆ خانمانی پێگەیشتووی بە ئەزموون و تێگەیشتوو بکرێ، بۆ ئەوەی بتوانن لە گشت جومگەکانی دەسەڵاتی سیاسی و حکوومیدا بەشداری کارایان هەبێت.

**پێوەری پۆست دەبێت لەسەر بنەمای زیرەکی و لێهاتوویی بێت**

د. ڤاڵا فەرید پەرلەمانتاری خولی چوارەم، ڕایوایە «پێویســـتە ڕێژەیەکی زۆر لە پۆســـتەکان بە ئافرەتان بدرێت، بەڵام دەبێت پێوەرێك بۆ ئەو ئافرەتە هەبێت، واتا ناکرێت پۆست بەئافرەتێك بدرێت، تەنیا لەبەر ئەوەی کە ئافرەتە و بۆ ڕاگرتنی باڵانســـی جێندەری بێت، بەڵکو پێویســـتە ئەو ئافرەتانەی کەپۆست وەردەگرن کەســـانی بەتوانا بن بۆ ئەوەی ڕوویەکی جوانی ئافرەت پیشـــانی کۆمەڵگە بدەن. گوتیشی «پێویســـتە ئافرەتێك کە لەپۆستێکدا دادەنرێت کەسێکی شیاوبێت وبتوانێت گرنگی بەو جێگەیە بدات و هەنگاوی جددی بنێت بۆ پێشکەوتنی ئەو شوێنە، واتا نابێت ئافرەتبوون بکەینە مەرج بۆ وەزیری بەڵکوو پێویستە لەسەر بنەمای زیرەکی و لێهاتوویی بێت».

**پێویستە لە توانای شاراوەی ئافرەتان سوود وەربگرین**

حەیات مەجید چالاکوانی ئافرەتان و پەرلەمانتاری پارتی دیموکراتی کوردســـتان لە خۆلی چوارەمی پەرلەمانی کوردســـتان، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت «هەمووان دەزانن لەکابینەی ڕابردوودا تەنیا یەك وەزیری ئافرەتمان هەبووە، گەرچی زۆر گرنگە لەم کابینەیەدا ڕێژەی ئافرەت زیاد بکرێت، بەڵام هاوکات پێویستە دەستنیشانکردنی ئافرەتان بۆ پۆســـتی باڵا لەسەر بنەمای چۆنایەتی بێت، نەك چەندایەتی، واتا گرنگ نییە بڵێین ڕێژەکە بۆتە چوار، یان پێنج ئافرەت، گرنگ ئەوەیە کە ئەو ئافرەتە چ توانایەکی هەیە و دەتوانێت چی بکات، واتا گرنگی لەوەدایە کە ئایا ئەو ئافرەتە دەتوانێت ڕۆڵێکی کارای هەبێت؟

حەیـــات ئەوەش دەخاتەڕوو کە نەك تەنیا بۆ پۆســـتی وەزیر، بەڵکو بۆ پۆســـتی بریکاری وەزیر و بەڕێوەبەری گشـــتی و زۆر پلە و پۆســـتی دیکە، پێویستە ســـوود لە توانا شاراوەکانی ئافرەتان بەشێوەیەکی باش وەربگیرێت .

بەبڕوای ئەو پەرلەمانتارە ئەوەی گرنگە لەکاتی دەستنیشانکردنی پۆستەکاندا، ئەوەیە کە هیچ ناوچەیەك لەبیر نەکرێت، واتا «ئەو پۆســـتانەی کە دابەشدەکرێت لەسەر بنەمای ناوچەکان بێت»، گوتیشـــی «بە بڕوای من پێویســـتە ئافرەتانی هیچ ناوچەیەك لەپۆستەکان بێبەش نەکرێن، ئەمەش بۆ ناوچەگەری نییە، بەڵکو بۆ ڕاگرتنی باڵانســـە لەنێوان ناوچەکاندا، بۆیە هیوادارم خەڵکی گشـــت ناوچەکان لەپۆســـتەکاندا هەبن بۆ ئەوەی خزمەت بـــە هەموو ناوچەکانی کوردستان بکرێ.

د. ڤاڵا فەرید:

**ناکرێت پۆست بەئافرەتێک بدرێت، تەنیا لەبەر ئەوەی ئافرەتە و بۆ ڕاگرتنی باڵانسی جێندەری بێت**

حەیات مەجید:

**پێویستە دەستنیشانکردنی ئافرەتان بۆ پۆستی باڵا لەسەر بنەمای چۆنایەتی بێت، نەک چەندایەتی**



**چوار ئافرەت لەکابینەی چواری حکومەتی هەرێمی کوردستان پلەی وەزیریان هەبوو، بەڵام لەهەردوو کابینەی شەش و حەوتدا تەنیا یەک وەزیری ئافرەت بەشدار بووە، ئەوەش بەشێکی زۆر لە چالاکانی مافی مرۆڤ و دژبەرانی جیاوازیی ڕەگەزی نیگەران کردووە، ئەوان دابەزینی ڕێژەی ئافرەت لە پۆستی باڵادا بە دواخستنی پرۆگرێسی کۆمەڵگە هەژمار دەکەن، بۆیە داواکارن لەکابینەی داهاتوودا ڕێژەی بەشداری پێکردنی خانمان زیاتر بێت.**

گوڵان: کۆمەڵایەتی

**بەردەوام ڕێژەی خاوەن بڕوانامە بە هەردوو ڕەگەزەوە زیاددەبێت کەچی هەر پیاوەکان پۆستی گرنگ وەردەگرن**

میادە محەممەد ئەلنەجاڕ چالاکوانی بواری ئافرەتان و پسپۆڕی یاسا، سەرەتا هێما بۆ ئەوە دەکات کە «بەکارهێنانی چەمکی یەکسانی ڕەگەزی یەکێکە لەو چەمکە زیندووانەی کە هەموومان ڕۆژانە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و کوڕ و کۆبوونەوەکان گوێبیستی دەبین، تەنانەت زۆرمان لەگشت فەرهەنگە زانستی و کەلتوورییەکان گوێمان لەو دەستەواژەی بووە کە دەگوترێت ئافرەت نیوەی کۆمەڵگەیە، بەڵام بەداخەوە لە کۆمەڵگەی پیاوسالارییەکاندا هەمیشە ئافرەت بۆتە قوربانی و قسەی سەرەتایی و کۆتایی هەر بۆ پیاوان بووە .

مەیادە ڕێژەی کەمی ئافرەتی لەپۆستە باڵاکان بۆ چەند هۆکارێك گەڕاندەوە، گوتیشی «لە کۆمەڵگەی نێرسالار ئەوەی ئافرەتی پێدەناسرێت، ئەوەیە چێشتلێنەرێکی چاکە، بەرگ دروویەکی دەسترەنگینە، کابانێکی باشە، هەرگیز تواناکانی لە کاری سیاسی و مەدەنیدا باس ناکرێ، بۆیە ژمارەی ئەو ئافرەتانەش کە لە سیاسەت پلە و پۆستی باڵایان هەیە لە کوردستان ناگاتە کۆی ژمارەی پەنجەکانی هەردوو دەست، کە بەراستی ئەمەش کارەساتە ئەمە سەرەڕای زیادبوونی بەردەوامی ڕێژەی خوێندەواری بە هەردوو ڕەگەزەوە، کەچی هەر پیاوە خاوەن بڕوانامەکان دەبنە سەرکردە و سیاسەتمەدارێکی بەناوبانگ و ئەندامی سەرکردایەتی حزب و چەندین پلە و پۆستی گرنگ وەردەگرن، بەڵام ئافرەتە خاوەن بڕوانامەکان ڕێژەیەکی زۆریان دەبنە دەسترەنگین و ئافرەتی ماڵ و فەرمانبەرێکی سادە، ئەوانەی زۆرچالاك بن، دەبنە چالاکوانی کۆمەڵگەی مەدەنی، هەر ئەمەشە کە کەمترین ڕێژەی ئافرەتی سیاسەتمەدارمان هەیە، ئەمەش وادەکات کە ئافرەتان کەم بگەنە پۆستە بالاکان».

**ئافرەتان ڕۆڵی بەرچاویان لە کابینەکانی پێشووی حکومەتدا هەبووە**

بەڵام توێژەری دەروونی بەهار ڕەفیق فەتحوڵڵا پێیوایە ڕۆڵی ئافرەت لە کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆرتر دەردەکەوێت، گوتیشی «هیوادارم ژمارەی ئافرەت لە پۆستە وەزارییەکاندا زیاتر بێت، لەبەر ئەوەی لە بواری جیاجیا ئافرەتی زۆر بەتوانا و خاوەن ئەزموون و پسپۆڕمان هەیە و کابینەی حکومەتی تازەشمان کابینەیەکی بنکەفراوان دەبێت ئەوەش هەلی زیاتر بۆ بە شداری ئافرەتان دەرەخسێنێت.

بەهار جەخت لەوە دەکاتەوە کە «ئافرەتان ڕۆڵی بەرچاویان لە کابینەکانی پێشووتری حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هەبووە و بە پراکتیکی سەلماندوویانە کە توانای زۆریان هەیە لە بەڕێوەبردنی پۆست و پلە بەرزەکاندا زۆریش بە سەرکەوتووانە ئەرکی خۆیان ئەنجام داوە»، گوتیشی «ئەو سەرکەوتنانەی ئەزموونەکانی پێشوو دەبێتە هۆی پاڵپشتێکی بەهێز بۆ بەشداری پێکردنی ئافرەتان لە ناو کابینەی تازەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەروەها ئافرەتان توانیویانە کەسایەتی خۆیان بسەلمێنن و لە پۆستی باڵای حزبەکانیشدا پێگەی خۆیان هەبێت و بەشداری بڕیاری سیاسی بن».

بەهار ڕەفیق:

**کابینەی حکومەتی تازەمان کابینەیەکی بنکەفراوان دەبێت ئەوەش هەلی زیاتر بۆ بەشداری ئافرەتان دەرەخسێنێت**

میادە محەممەد ئەلنەجاڕ:

**لە کۆمەڵگەی نێرسالار ئافرەت بە چێشتلێنەرێکی چاک، بەرگ دروویەکی دەسترەنگین و کابانێکی باش دەناسرێت و هەرگیز تواناکانی لە کاری سیاسی و مەدەنیدا باس ناکرێ**

# بۆچی خانمان بۆ چارەسەری کێشەکانیان پەنا بۆ دوعا و جادوو دەبەن؟



**لە دێرزەمانەوە خەڵکانێک لەکاتی سەرهەڵدانی هەر کێشەو گرفتێک پەنایان بۆ دوعا و جادوو بردووە، تا ئێستاش ماڵی شێخ و مەلا و فاڵگران جمەی دێت لەو کەسانە و زۆربەشیان ئافرەتن، دیارە سحر و دوعا و فاڵگرتنەوە جیاوازن و هەر کام تایبەتمەندیی خۆیان هەیە، شێخێک جەخت لەوە دەکاتەوە کە «ئەوەی دەچێتە لای فاڵگران ئەگەر باوەڕی پێبکات، بۆ ماوەی چل ڕۆژ عیبادەتی قەبوڵ نابێت»، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو دیاردەیە بە ڕێژەیەکی بەرفراوان دەبیندرێ. بەڵام بۆچی خوێندنەوەی هەر کۆمەڵگەیەک لەو بوارەدا جیاوازە؟ ئایا فاڵ و جادوو تاچەند زانستی و ڕێپێدراوی شەرعین؟ کاریگەرییەکانی دوعا چین؟ بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتە وەڵامی ئەو پرسیارانە دەدەنەوە.**

***

### شێخ مامەڵەی پارە بۆ دوعا ناکات

ئافرەتێکی باڵابەرزی گەنم ڕەنگ کە خۆی بە سارا قاسم ناساند، چاوەڕوانی چوونە ژوورەوە بۆ لای شێخی دەکرد، وەك خۆی باسیکرد بۆ سوپاس کردنی شێخ خالید هاتبوو، چونکە کێشەکەی «بە دوعا» چارەسەر کردبوو. سارا دەڵێت «ماوەی چەند ساڵێك بوو مێردەکەم بەجێیهێشتبووم، کێشەکەمان گەیشتە دادگا، بڕیاربوو لەدوا دانیشتنی دادگا تەڵاقم بدات، پێش هاتنی وادەی دادگا هاوڕێیەکم منی هێنایە لای شێخ خالید، منیش بە شێخم گوت: ئەگەر دەزانی کێشەکەم چارەسەر دەبێت، دوعام بۆ بکە، ئەگەر چارەسەریش نابێت ماندووم مەکە، گوتی: ئینشاڵڵا چارەسەر دەبیت، لەماوەی ١٥ ڕۆژ مێردەکەم ١٠٠٪ گۆڕا و پەشیمان بووەوە، ئێستا ئاشت بووینەتەوە و لەخوای بەزیاد بێت دووگانم هەیە و هیچ کێشەمان نییە، زۆرجار واهەست دەکەم خەون دەبینم، تەنانەت زۆر کەسم بۆ لای ناردووە، هەموویان مرازیان حاسڵ بووە، نەخشە بێت لەئۆمەتی محەممەد». سەبارەت بەبڕی ئەو پارەیەی کە بەشێخی داوە گوتی «شێخ مامەڵەی پارەی لەگەڵ نەکردم، منیش کە کێشەکەم چارەسەر بوو، دیارییەکی زۆر باشم بۆ برد».

### ٩٥٪ ی ئەو کێشانەی دێنەلامان چارەسەر بووە

خالید عەزیز حەسەن، ناسراو بە (شێخ خالید نەقشبەندی) لەبنەماڵەیەکی ئایینپەروەری شاری هەولێر لەدایکبووەو پیشەی مامۆستای بنەڕەتییە، بەڵام ماڵەکەی لە نۆرینگەی دکتۆرەکان قەرەباڵغترە و ڕۆژانە دەیان کەس سەردانی دەکەن. شێخ خالید لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە چۆن کێشەو گرفتی هاووڵاتیان بە دوعا چارەسەر دەکات؟ بۆ گوڵان گوتی «هەر کارێك مرۆڤ دەیکات، پێویستە لەسەرەتادا پشت

بەخوا ببەستێت، چونکە هەر کارێك ئەمری خوای لەگەڵدا نەبێت، ئەو کارە بەتاڵە، گوتیشی «خوای گەورە دەفەرموێ ئێوە دوعا بکەن من وەڵامتان دەدەمەوە، دوعاکردن دووجۆری هەیە، دوعای لەفزی و دوعای نووسینەوە، دوعاش نابێ لەچوارچێوەی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر دەربچێت، من بەشبەحاڵی خۆم لەسەر شەرعی خوا و پێغەمبەر بە پاڕانەوە لەخوای گەورە کێشەکان چارەسەر دەکەم و کارەکەمان چاکسازییە، ئەو کێشانەی دێنە لامان ٩٥٪ ی بەپشتیوانی خوای گەورە چارەسەر بووە».

**مادام سحر هەیە، بەتاڵکردنەوە و چارەسەریشی هەیە**

سەبارەت بە سحر و جاددووکردنیش ئەو شێخە گوتی «سحر و جادوو بوونی هەیە و لەقوڕئاندا باسکراوە، لەسەردەمی حەزرەتی مووساوە سحر هەبووە و کاتی خۆی سحر لە پێغەمبەریش کراوە، بەڵام خوای گەورە بۆ هەر دەردێك دەرمانی داناوە، تەنانەت چاوی پیس لە سحر و جادوو خراپترە، مادام سحر هەیە، بەتاڵکردنەوە و چارەسەریشی هەیە و چارەسەرییەکەشی هەر بە قورئان دەکرێت، چونکە قورئان هەمووی شیفایە»، ئەوەشی خستەڕوو کە جادوو زۆر جۆری هەیە، لەوانە «بەخت بەستان، رزق بەستن، تێکدانی نێوان ژن و مێرد و.. هتد»، گوتیشی «سحر کارێکی شەیتانییە و هەتا بەتاڵ نەکرێتەوە، وەزعی کەسەکە ئاسایی نابێتەوە، نیشانەکانی بریتییە لەوەی کە کەسی سحرلێکراو هەمیشە دڵتەنگە و سەرئێشەی هەیە و ماڵ و منداڵی لەبەرچاو دەکەوێت، ئەگەر چارەسەر نەکرێت، ئەنجامی خراپی لێدەکەوێتەوە و زۆرجار بە تەڵاق و جیابوونەوە دەگات، پێغەمبەر دەفەرموێ بەیانیان کە لەخەو هەستان، سێ جار ئایەتی کورسی بخوێنن و پف بکەنە دەوروبەری خۆتان، ئەوا لەهەموو بەڵا و موسیبەتێك بەدوور دەبن».

**دەستخوێندنەوە و فنجان خوێندنەوە لەعنەتی خوای لێکراوە**

لەوەڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئایا شێخەکان جادوو دەکەن؟ شێخ خالید گوتی «هەرشێخێك ئەگەر سحر و جادوو بکات ئەوە شێخ نییە، چونکە ئەو کارە کارێکی شەیتانییە و ئەو کەسە ئیتاعەی شەیتان دەکات، شێخیش نابێ ئیتاعەی شەیتان بکات، تەنانەت بە فەرموودەی پێغەمبەر دەستخوێندنەوە و فنجان خوێندنەوە لەعنەتی خوای لێکراوە، ئەوەی دەچێتە لای فالگران ئەگەر باوەڕی پێبکات، بۆ ماوەی چل رۆژ عیبادەتی قەبوڵ نابێت». شێخ خالید لە بارەی پارەوەرگرتن لە بەرامبەر دوعادا دەڵێت «بۆ دوعای خێر و چاکسازی مامەڵە کردن و داواکردنی پارە باش نییە، بەڵکو ئەو کەسە بەپێی توانای خۆی سەرقەڵەمانە بدات باشەو حەڵاڵیشە، لەکاتی خۆیدا کۆمەڵێ لە هاوەڵانی پێغەمبەر(د.خ) لە رێگەیاندا بۆ سەفەرێك نەخۆشێك دەهێننە لایان و داوایان لێدەکەن دوعای بۆ بکەن، ئەوانیش دوعایان لەسەر خوێند و خوای گەورە شفای نەخۆشەکە دەدات، لەبەرامبەردا ئاژەڵێك دەدەنە هاوەڵەکان ئەوانیش دەیخۆن، بەڵام دوودڵ دەبن لەوەی کە خواردوویانە، کە دەگەڕێنەوە بۆ پێغەمبەری باس دەکەن، پێغەمبەر دەفەرموێ: هەندێکیشتان لەو خواردنە بۆمن بهێنایەتەوە، کەواتە ئەگەر ئەو کەسە بە ئارەزووی خۆی و بەبێ زۆرلێکردن دیارییەك بداتە ئەو کەسەی کە دوعای بۆ کردووە، جائیزە». دەربارەی ئەو کەسانەش کە سەردانی دەکەن گوتی «زۆربەی ئەوانەی سەردانمان دەکەن ئافرەتن، ئەگەرچی لەمدواییەدا پیاوانێکی زۆریش سەردانمان دەکەن، جۆری کێشەکانیش زیاتر کێشەی نێوان ژن و مێردە، بەتایبەت خیانەتی هاوسەری، بەداخەوە پیاوان زیاتر بە رێگەی خراپدا دەڕۆن و ماڵ و منداڵیان ئیهمال دەکەن، ئەو ماڵ و منداڵەش وەکو مەڕێکی بێ شوانیان لێدێت و گورگ دەیانخوات، چۆن ئەو بەدوای ناموسی خەڵکی دەکەوێت، خەڵکیش ئاوا بەدوای ناموسی ئەو دەکەون، حالەتێکی مەترسیداریش هەیە کە زۆر لەو ئافرەتانە لە تۆڵەی مێردەکانیان تووشی لادان دەبن و پەیوەندی ناشەرعی دەبەستن».

**نەخۆشەکان باشتر وایە سەردانی پزیشك بکەن**

مامۆستا جەعفەر گوانی پێشنوێژ و وتارخوێن، سەبارەت بە شەرعی بوونی دوعاکردن دەڵێت «دوعاکردن ئەگەر بەئایەتی قورئان بێت، شەرعییە و هیچ گوناحێکی تێدا نییە، تەنانەت پێغەمبەر(د.خ) دوعای لەسەر نەخۆشان خوێندووە، هەروەها دوعای بۆ ئەو کەسانەش کردووە کە سحر و جادوویان لێکراوە، زۆرجار لەگەڵ دوعاکردن خواردنیشی وەکو دەرمان بۆ کەسەکە داناوە، نموونەی رەشکە و هەنگوین و کوارگ»، گوتیشی «مرۆڤ دەتوانێ خۆی لەخوا بپارێتەوە و داوا لەخوای گەورە بکات مرازی بدات، هەر کەسێکیش ئیمانداربێت، دەکرێ داوای لێبکرێت دوعای خێرت بۆ بکات، لەهەمان کاتیشدا ئەوانەی نەخۆشی جەستەییان هەیە، باشتر وایە سەردانی پزیشك و دکتۆر بکەن».

مەلا جەعفەر لە درێژەی قسەکانیدا جەختی لەوە کردەوە کە «بەهیچ جۆرێك دروست نییە ئەو کەسانەی دوعا بۆ خەڵك دەکەن، مامەڵەی پارەبکەن، چونکە بەهای ئایەتەکانی قورئان بە پارە و پول ناخەملێنرێت، کەسیش ناتوانێت و بۆی نییە بڵێت من بە شەرت و مەرج چاکت دەکەمەوە، یان چارەسەری کێشەکەت دەکەم، چونکە چارەسەر لەدەست خوای گەورەیە».

**بەشێك لەو کەسانەی سەردانی دوعاکەران دەکەن، نەخۆشی دەروونییان هەیە**

فەرەیدون بێوار، توێژەری کۆمەڵایەتییەو سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت «جارێ لە ئایینی ئیسلامدا شتێك نییە بە ناوی شێخ و مەلا، هەروەها شتی واش نییە بەناوی نوشتە و جۆرەکانی کەسێك ببێتە بریکاری کەسێکی دی تا دوعای بۆ بکات. ئەوەی ئێستا هەندێك لە شێخ و سەید و مەلا بەناوی نوشتە و دوعاوە دەیکەن، نەریتێکی کۆنە ماوەتەوەو سەردەمانی زوو کراوە، ئەمەش پەیوەندی بە ئاستی گەشە و پێشکەوتوویی و تێنەگەیشتنی ئەو کاتی تاکەکانەوە هەبووە، لەسەر چۆنیەتی چارەسەری نەخۆشیی و رۆڵ و کاریگەریی شێخ و سەید و مەلا لەسەر مەسەلەکان و مرۆڤەگان و لەژیانی رۆژانەدا. ئەو کەسانەش سەردانی دوعاکەران دەکەن، دوو جۆرن، بەشێکیان ئەوانەن کە نەخۆشیی دەروونییان هەیەو دەکرێ بەپێی تێپەڕبوونی کات خۆیان چاك ببنەوە، یان بە گۆڕینی دۆخ و وەرگرتنی دەرمان چاك ببنەوە. بەشێکیش ئەو جۆرە کەسانەن کە خواستی ژنهێنان و شووکردنیان بە کەسێکی دیاریکراوە، یان کێشەی خێزانییان هەیە. بەشێك لە شێخ و سەید و مەلاکانیش، دوو جۆر نوشتە و دوعا دەکەن: باش و خراپ. یان رەش و سپی لەسەر خواستی داخوازەکە. من ئەو جۆرە کارانەم پێباش نییە و داواش دەکەم وەزارەتی ئەوقاف لەو بارەوە رێنمایی دەربکات و ئەو جۆرە کارانە قەدەغە بکات. هەروەها پێویستە راگەیاندنیش کار لەسەر ئەو نەریت و دیاردەیە بکات و خەڵکی وشیار بکرێتەوە، چونکە لەگەڵ وشیاربوونەوەو گەشەی تێگەیشتنی خەڵکی، ئەو جۆرە دیاردە و کارانەش کەم دەبنەوەو بەرەو نەمان دەچن.

مەلایەك:

**کەسی ئیماندار دوعای خێربکات، بەڵام ئەوانەی نەخۆشی جەستەییان هەیە، باشتر وایە سەردانی پزیشك بکەن**

شێخێك:

**لەسەر شەرعی خوا و پێغەمبەر بە پاڕانەوە لەخوای گەورە کێشەکان چارەسەر دەکەم**

ئافرەتێك:

**زۆر کەسم بۆ لای شێخ ناردووە، هەموویان مرازیان حاسڵ بووە،**

کۆمەڵناسێك:

**لەگەڵ وشیاربوونەوەو گەشەی تێگەیشتنی خەڵك ئەو کارانەش بەرەو نەمان دەچن**